www.kurdistannet.org
23-7-2007 15:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**منداڵ وكۆمپیوتەر ... بەهزاد حەویزی**

پێشكەوتن وپەرەسەندنی بوارەكانیتەكنەلۆجیا لێشاوێكی هەمەلایەنی ئەوتۆیە لەدواییدا كاریگەری بەسەر هەرتاك وكۆمەڵ ورەگەزەكانی نێو ئەو پێكهاتە كۆمەڵایەتیە جێدێڵێت، بەجۆرێك ئاسەواری هەم چاك و هەمیش ترسناكی لێدەكەوێتەوە وەك دەرەنجام، بەڵام گەر بەنیيەتی سوودلێوەرگرتن لە ئاست ئەو لێشاوە ( (دەستەوەسان) ) بیت خۆ دەكرێ بۆ رەخساندنی بوارێكی سوودمەندانەوهۆشیارانە دەرگای ئەو بەرەوپێشچوونە والابكرێت ورۆڵێكی ئەكتیفانەبگێرێت و تەبای تەنیاوەرگرێكی سلبی وپاشكۆيانە نەبیت، بێگومان ئەوەش كاروئەركێكی زێدەشەكەتی دەوێ نەخاسمە گەرهاتوو مەبەست لەو رەگەزە منداڵ بوو.



بۆ سووككردن وكەمكردنەوەی زێدەجووڵەوچالاكی منداڵ رەنگە كۆمپیوتەر باشترین هۆ بێت تارادەیەك بەربلاوەومنداڵیش زووئولفەتی پێوەدەگرێت و بەمەش هێندە كاری بەباوك ودایكی نامینێ بۆ خولقپێدان ودەستنیشانكردنی سەرقاڵبوونەكەی، ئەو لەرێگەی هاوڵ وهاورێكانی پێویستییەكانی ئەو دەزگایەی لامسۆگەرە، ئیدی لەبێدەنگیدا كات بەسەردەبەیت وپێتیش وایە تەواو چ كارێكی دیكەت لەئەستۆدانییە، بەڵام لەراستیدا وانییە كارەكە لێرەوەدەستپێدەكات، ئەو منداڵە چی دەكات وچی ناكات وچی فێردەبێت؟؟.

بەر لەهەرشتێك تەكنەلۆجیا بۆ سوودوكەڵك لێوەرگرتنە بە شێوەیەكی پۆزەتیڤانە، بۆ رێنمایی ئەكادیمی وفێربوون وپەروەردەییە، بۆ هۆشیارییكردنەوەی هۆش وگۆشە بۆ زانین وفراوانبوونی پانتایی بیركردنەوەوزانیارییە، بەڵام ئایا ئەمە هەرەمەكیانەوبەرێكەوت بەئەنجام دەگات، نەخێر رۆژانە چەندین راپۆرت ولێكۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی كەلك وەرگرتن لە ياریی وئەتارییی و ( (پلەیستێیشن) ) دەخرێنەروو بەمەبەستی سوودگەیاندنێكی ئیجابیانەبەومنداڵانەویارمەتیدانیان بۆ فێربوون وخوێندنەوەوپێگەیشتن، لە چەندین سەنتەری تۆژینەوەی تایبەت بەو بوارە بۆنموونە لە وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەنجام دراوە بەمەبەستی چارەی ئەومنداڵانەی زێدەئەجووڵ وبەجووڵەن بۆ زێدەكردنی توانای ماوەی سەرنجراكێشان وتەركیزكردنیان، ... تد.

لایەنی نەرێیانەی ئەو كارەش دیاروبەرچاوە هەر لە كاتكوشتنێكی بێ ماناوخۆسەرقاڵكردنێكی لەرادەبەدەر كە وێرای زیانی جەستەیی منداڵەكە دووچاری داهێزران وشەكەتی دەروونیش دەكات، لەلایەكی دیكەوە فەرامۆشكردنیان ووازلێهێنانیان جا بەهەر بیانوویەك بێت ئیدی نازانی منداڵەكە چۆن چۆنی مامڵە لەگەڵ ئەو سیستەمە دەكات و لەدوایشدا چ زیانێكی پێدەگەیەنێت، ئەو زیانە لەو یاریی ووێنەئاگرین وكوشتاریانەدایە وا پەلی منداڵەكە رادەكێشێت بەجۆرێك وەكو ئەوەی ئەو (واتە منداڵەكە) پاڵەوانی یارییەكە بێت وریز ریز دەموچاووجەستەكان گوللەباران بكات وبە تانك وتۆپ وتەیارە بیكا بەسێیەم جەنگی جیهانی، پێتان سەیرنەبێت سەردەم سەردەمی توندوتیژییە، جا ئەوەیە كرۆكی مەبەست منداڵ لە نێو بازنەی توندوتیژیدا، لە ئاپۆرەی یاریی شەرِوشۆرِوكوشتارگەدایە بە ئەلقەیەكیش ناوەستێ، بەڵكە ئەو زنجیرەیە یەكلەدواییەك دێت ئەو پەلەپەلیەتی زووبگاتەوەماڵ

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وسەردەزگاوبەزمەکەی ئیدی ئابەم جۆرە خووی پێوەدەگرێت، بەمەش بە خراپ بەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دەشکێتەوە لەرووی کرداروهەڵسوکەوتداو لەدواڕۆژیشدا بەخراپ دەکەوێتەوە.

تۆژینەوەکان ئاماژە بەوەدەدەن ئەقڵی ناوەکیی (باگن) منداڵی تەمەن خوارحەوت ساڵان زێتر ئاسەواری توندوتیژی لا دەمێنتەوە لە منداڵی سەرووی ئەو تەمەنە، چارەسەریش بێبەشکردنی منداڵان نییە لەو جۆرە یارییانە، بەلکە بە دیتنەوەی یاریی بەسوودە، هەروەها دیاریکردن وچاودێریکردنی جۆری یارییەکان وسەرچاوەیان ودیاریکردنی کاتی یاریی و... تد.

لەئەمڕۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی وئینتەرنێت دەکرێ وڵاتێکی وەك ئەمریکا چەند ڕێساوپرەنسیپێك دابڕێژێ بۆ ڕێگەگرتن لەو دیاردەخراپەی نێودنیای منداڵ، هەروایشی کردووە لەرێگەی دانانی فلتەری ئەوتۆ بۆوەی یەکسەرە منداڵ ڕووبەڕووی پێگەوماڵپەروسایتەنادروست ونەشیاوەکان نەبێتەوە، نەخاسمە ئەوانەی بەتەمەن بچووکن و ئەمەش زێتر لەرێگەی داوودەزگاوشوێن وسەنتەرەپێوەندیدارەکان دەبێت.

نکوڵی لە سوودوکەلکی داهێنراوەتەکنەلۆجییەکان بەتایبەتی ئینتەرنێت، ناکرێت، بەڵام چۆنیەتی سوودلێوەرگرتنەکە زۆر گرنگترە و بیرتان نەچێت ئایندەی نەوەیەکی نوێی پێوەبەندە!!!.

B_hawezy@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.